# خوێندنەوەیەکی خێرا
# بۆ قەسیدەی ( کەلار) ی دلاوەر قەرەداغی

زانا سامان

سەرەتا:

بۆئەم خوێندنەوەیە ئەوەتان بیردێنمەوە کەئایا لەدوای راپەڕینەکەی کەلار کێ لەئێمە بیرۆکەی ئەوەی هەبوو کەشیعرێك یاخود قەسیدەیەك لەمەڕ ئەو رووداوە مێژووییە بێنێتە نێو کۆڕی ئەدەبی کوردی، مەحاڵە کەس ئەم بیرۆکەی هەبووبێت، دەنا بۆچی لەپاش ئەو رووداوە هیچ کام لەئێمە کارێکمان بۆ نەکرد، تەنها (دلاوەر)ی شاعیر نەبێت.

هەر بۆیەش بەپێویستم زانی خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ئەو قەسیدەیە بکەم کەلە سایتی دەنگەکانو ژمارەی پێشووی رۆژنامەی ( ئاڵای ئازادی) دا بلاوکرایەوە.. لەبەر ئەوەی لەم قەسیدەیەدا شاعیر بەتەواوەتی توانیویەتی درك بەسەرجەم ئەو نەهامەتیانە بکات کەبەتەواوەتی دوای روخانی رژێم باڵی بەسەرماندا گرتووە، لێرەا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە( دلاوەر) ی شاعیر غەریبیەتی خۆی بیر دەچێتەوەورۆحاو رۆح بەشیعرێك دێتەوە ناومانو خەمەکانمان دەنووسێو پێمان دەڵێ:

کێ لای نیشتمان بووە میوان

کێ لای نیشتمان بووە کڕیار

کێ لەحەوشی گەورەی نیشتمانا بووە کرێچی.

پەی بردن بەیەکەمین خەمی میللەت بەئاشکرا لەم وێنە شیعریەدا دەردەکەوێتو لە لێوە وشك بوەکانیدا توانیوەیەتی کەمێك تینوێتی بشکێنێو بەبێ جەستە هەست دەکرێت رۆحیانەتی لای ئێمە بۆتە میوان بەگەیشتن بۆ چارەسەرێك.

کێ دڵی نیشتمانی شکاند

کێ دوعای خەراپی لەنیشتمان کرد

کێ بەیانیەك زوو قۆڵی کرد بەقۆڵی نیشتماندا و

بۆ پیاسەی برد.

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کەحەماسەتێکی لەرادەبەرلەو وێنە شیعریەدا بەدەر دەکەوێت ئەمەش مانای ئەوەیە کەشاعیرچیتر ناتوانێت بێدەنگ بێت، دەبینین وێنەیەکی خەمبارانە لەلایەن شاعیرەوە درکی پێکراوە و کۆ خەمی میللەتەکەشی لەسەر شان داناوە.

بیدەنەوە زەینی نیشتمان بدەنەوە زەینی ئەو رۆژانەی بدەنەوە

کەپڕ بوو لەکیژی قژ کاڵی لێو ئاڵی ناو شیعرێکی گۆران.

زەینی ئێوارانێکی بدەنەوە کەسەری بچوایە.. نوێژی لەسەر بەرماڵەکەی شیعری نالی نەدەچوو.

شاعیر ئەم جارە داوا دەکات چیتر ئەوان میلەتەکەی خەفەنەکەن هەوڵیش دەدا ئەو میللەتە لە سڕبوون دەرباز بکاتو بیانباتەوە بۆ ئەو سرووشتە جوانەی جارانیو بەگۆرانی شاعیریان ئاشنابکاتەوە یان بمانکاتەوە بەدەروێشی حەزرەتی نالی تاژیانیان پێبسپێرێتەوە .

تەسبیحەکەی بدنەوە کەقل قل

تاڵی سپی سەری قژنی ئەنفالەکانی خۆی پێدەژمارد.

لـەم وێنـەدا شـاعیر بـەوان دەڵێتـەوە .. ئێـوەش زەینتـان لەدەسـت داوە، دەنـا بـۆچ وازوو (گـەرمیان) تـان لـەیاد کـردوو ( ئەنفال)یشتان لەبیر چوویەوە، پاشان شاعیر هەڵەبجەیان دێنێتەوە یادو پێیان دەڵێ: کەلەپێناو ئێوەدا پێنج هەزار پەروانە بەژەهری بۆن سێو چوونو لەناوبران.

( ئەو تورەییەی بدەنەوە کەلەشیعرێکی بێکەسەوزە فێر ببوو)

لێرەشدا دەیەوێت هۆشیان وەبـەر بێنێتـەوە کـە ( بێکـەس)ی شـاعیری وەك نمونـە هێناوەتـەوە ، کەئەگـەر میللـەت نـەبوایـە شۆڕشەکەتان چیی پێدەکرا.

زەینی بدەنەوە زەینی نیشتمان بدەنەوە

تابیری بێت

ئینجانە بەئینجانە بگەڕێو شەهیدەکان ئاو بدات.

جوانی وێنەکان لەم کۆپلەیەشدا پێیان دەڵێت : ئەگەر هۆش بێننەوە بـەر میللـەت، ئـەوا ئـەوانیش بەپەرۆشـەوە بـاوەش بـۆ دەسەڵات دەگرنەوە.

کڵاوو جامانەکەی

چراکانی .. گۆچانەکەی

قوتوی سیگارەکەی .. چاویلکەکەی.

لەم کۆپلە شـیعریەدا ئـەوەیان دێنێتـەوە یـاد کـەوا کارێکیـان کـردووە کولتـورو شارسـتانیەت لـەنێو ئـەو میللەتـەدا نـەماوەو هۆکارەکەشی دەنێتە مللی ئەوانەی کەوا خۆشیان لەیاد کردووە.

زەینی نیشتمان بدەنەوە

تۆزقاڵێك میهرەبانی

بیدەنێ بەشی نووسینی نامەیەك رووناکی

بەشی گلەیی کردنێك تووڕەیی

بیدەنێ بەشی سەر هەڵگرتنێك خوا حافیزی.

شاعیر لەدوا وێنە شیعریەکەی هەر سـوورە لەسـەر ئـەوەی کەبیانگەڕێنێتـەوە بـۆ باوەشـی نیشـتمانو ئـەم جارەشـیان پێیـان دەڵێ: کوا ئەو ئازادییەی باسی لێوەدەکەن.. پێیان دەڵێ: هەرهێندەیە میللەتی پێدەسـتەمۆ بکـەن بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەدا نـین نووسینێکتان لەسەر بکرێت یان گلەییەکی راستەو خۆیانـە، پاشـان بۆیـان روون دەکاتـەوە کەئەگـەر لەسـەر ئـەو کردەوەیـان بەردەوام بن ئەوا میللەت هەرهەموویان سەرهەڵدەگرنو بەتەنیا خواحافیزی جێدێڵن.

---

**بۆ گوێگرتن لە شیعری "کەلار" بە دەنگی "ڕزگار عومەر" کلیکی ئێرە بکە**